www.kurdistannet.org
23-1-2003 23:20

چیرۆک

# فەنتازیا

مەهاباد قەرەداغی

کەسێکی دروست کرد و کەوتە داویەوە. نموونەی لەم جۆرە کوا لەم سەرزەمینەدا هەیە، مەگەر هەر بە خەون، یان بە خەیاڵ. هەموو جارێک پێم دەگووت ئەو کەسەی کە دروستی دەکەی با شێوەی لە کەسێکی ئاسایی بچێت، با ڕەوشتی لە هی کەسێکی ئەم ڕۆژگارە بچێت، وەک هەر یەکێ لەم خەڵکانەی کە زەوییان تەنیوە، درۆ بکات، دزی بکات، جنێو بدات، هەندێ جار هەست بە شەرمەزاری و هەندێ جار هەست بە کەمی و، بە مەزنی، بە نێرگزیبوون و بە خۆپەرستی بکات. هەندێ جار تووشی گرێی ئۆدیب یان ئەلێکترا بێت، جار جارە تووشی هێستریا و خەمۆکی و گرێی گوناه و ئیدی وەک هەر یەکێ لەم مرۆڤانەی کە دەیانبینی، یان نایانبینی بەڵام لەسەر ئەم ئەستێرە مەزنەی زەویدا نیشتەجێن نائاساییەکی ئاسایی بێت. بۆ دەبێ کەسەکەی تۆ نمونەیی و جێی سەرسوڕمانی خەڵک و تەنانەت خۆشت بێت. بۆ دەبێ هێندە ڕاستگۆ بێت کە جێی گومانی هەموو کەس و تەنانەت خۆشت بێت.

زۆرم پێ گووتی ئەو کەسەی کە دروستی دەکەی ڕۆژێ دێ دەتبەستێتەوە و دیلت دەکات، دەمزانی تووشی کارەسات دەبیت، بەڵام نەمدەزانی یەکجار بەو شێوەیە دەبێت، کە تۆ لە ئەودا نقووم بیت و بە جۆرێ تێکەڵاوی بیت خۆتت لە ئەو پێ جیانەکرێتەوە.

ئاخر هۆش قبووڵی ناکات کەسەکەی تۆ هێندە سەلار، ڕاستگۆ، هێمن و ئاشتیخواز بێت، هەموو جارێ کە دەکەوتمە گفتوگۆ لە گەڵتدا و دەمگووت دە وەرە ڕەفتاری کەسێکی ئەم کۆمەڵگانەم بۆ بدۆزەرەوە کە لە کەسە دروستکراوەکەی تۆ بچێت، یاخود وەک ئەو کەسەی تۆ ئایدیال بێت، تۆ دەتگووت: هەیە، بەڵام مەرج نییە من و تۆ بیناسین. دەبێ هەبێ، دنیا هێندەش کاول نەبووە کە کەسێکی وای تیا نەبێ، تۆ بڵێی خوا هێندەی من ئارەزوومەندی دروستکردنی کەسی نموونەیی نەبووبێ.

هەر لەم ئەنجامە دەترسام، سەرسەختییەکەت جۆرێک بوو کە نەمدەتوانی دەرەقەتی بێم، یان من کەسێکی کەمتوانا بووم و نەمدەتووانی بتهێنمە سەر ئەو باوەڕەی کە کەسێکی وا دروست نەکەی، دەمگووت:

– ئازیزم، تۆ نە کچەکانت و نە کوڕەکانت لە کوڕ و کچی ڕاستەقینە دەچن! کچ و کوڕی ئەم چەرخە کەی وان؟! ئاخر وا نین!

– نا، باوەڕم وایە لە قوژبنێکی ئەم دنیایەدا هەن و وان!

– ئەمانە سۆفین! ئایا ئەمانە ئاساین؟!

- زۆر ئاسایین.

- بەڵام مرۆڤێ نییە لە هەموو هەڵسوکەوتێکدا ئاسایی بێت، ئەمە خەونە و تۆ دەتەوێ لە ڕاستیدا و لە کەسەکانی خۆتدا بەرجەستەی کەی.

هیچ! هیچ سوودی نەبوو، سوور بووی لەسەر ئەو خەونەی کە هاتنەدی مەحاڵ بوو! بەڵام من لە ئاکامی ئەم کارە دەترسام، دەمزانی ئەم کارە دەبێتە کارەسات، دەمزانی ئەنجامی ئەم ڕۆچوونە نوقمبوون و خنکانە، دەمزانی!

کە دەمبینی لەبەر پەنجەرە دانیشتوویت و چاوەڕوانی کەسە ئایدیالەکەت دەکەیت و جار و بار تەڕاییەک نیگاتی داپۆشیوە و سپێتی چاوەکانت بە وردە دەماری سوور ڕەنگێکی سەیری گرتووە، کە لە تابلۆ سەمەرە و سەرنجراکێشە سوریالیەکان دەچوو. هەر کە دەمبینی بەناو گەڕەکەکەدا غار دەدەیت و ڕیزێک منداڵەوردکەی چڵمن و خوێنشیرین دوات کەوتوون و چەپڵەت بۆ لێدەدەن و چەتوونەکانیان بەردت تێدەگرن، هەناسەم توند دەبوو، گریان ئەوکی دەگرتم و دەمووت بریا ئەو کەسانەی کە دروستت کردوون، هەبوونایە، تا بە فریات گەیشتبان.

دواجار کە لە لات بووم دەرکم بەو عەشقە کرد کە کەوتبوویتە داویەوە، ئاخر منیش هەر لەو عەشقە دەترسام، دەمزانی عاشقبوونێکی وا شێتبوونی بەدواوەیە. پەڕاوەکەت هێنا و تازەترین چیرۆکی خۆتت بۆ خوێندمەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە شێوەیەکی جیاواز خوێندتەوە، کوڵمەکانت سوور هەڵگەڕان و هەستم بە هاڵاوی گەرمی هەناسەت دەکرد، لە دەنگ و ڕەنگتدا ئەوین دەچۆڕا و، چاوەکانت فرمێسکی سەیری مرووریئاسایان تێدا زابوو.

- ئەم پیاوەش کە دروستت کردووە وەک هەموو پاڵەوانەکانی ترت بوونی نییە، تەنها کردەی فەنتازیایەکی ڕووت و قووتە.

- زۆرم خۆش دەوێ!

- نایدۆزیتەوە! نا. تکا دەکەم ئازیزم نوقمی ناو ئۆقیانووسی فەنتازیا مەبە!

- سێ شەوە بێپەروا بیری لێدەکەمەوە، تازە کەوتوومەتە داوی ئەڤینیەوە، نەیدۆزمەوە شێت دەبم!

دەمزانی نایدۆزیتەوە، ئەفسووس دەمزانی شێتیش دەبیت. لە ژوورەکەتدا دادەنیشتی و چیرۆکەکەت دەردەهێنا و بە فەنتازیای خۆت پاڵەوانەکەیت دەهێنایە دەرەوە و دەکەوتیتە گفتوگۆ لە گەڵیدا. نموونەیەکی هێندە باڵا بوو کە حەزت بچێتێ و خۆشت بوێت، هەر بە فەنتازیاش وات کرد ئەویش تۆی خۆش بوێت و نووقمی ئەوینی تۆ بێت. بەم ڕۆژگارە دەتدواند و دەیدوواندی، پێدەکەنیت، دەگریایت، گۆرانیت بۆ دەگووت، جار جارەش پێدەچوو لێی تورە بیت، یان لە کەسێکی تر تووڕەبیت، نازانم!

- ئەمشەو تا درەنگانێ پێکەوە بووین، هاتبووە نێو جێگاکەمەوە، یاری بە پرچ و گۆنام دەکرد، هەتا توانیمان یەکترمان ماچ کرد و شەلاڵی سۆز و ئەوین بووین، نازانم کەی بوو خەومان لێکەوت، بەڵام لە خەونیشمدا بینیمەوە ئاوێزانم بووە و جەستەمان بووە بە یەک جەستە و تێکەڵاوی بیر و هۆشم بووە.

چەند جاری تریش هەمان نەوارت بۆ لێدەدام و هەر باسی ئەوت بۆ دەکردم. تا وای لێهات کە قسەم بۆ دەکردی گوێت لە قسەکانم نەبێت و هەر بە شان و باڵی کەسایەتییە ئەفسوناوییەکەی فانتازیا و پاڵەوانی چیرۆکەکەتدا هەڵ بڵێی و هەر لە بیری ئەودا بیت. دەچوویتە بەر پەنجەرەکە و هەر کە کورێکی باڵابەرزی چاو گەورەی ئەسمەرت لە دوورەوە دەدی دەتگووت:

- وەرە، ئەوە ئەوە، وا لە دوورەوە هات، ئەوە خۆیەتی، دڵدارەکەمە، ڕاستی یە!
- ڕاستی چی ئازیزم، ئەوە حەمەیە، ئەو ڕۆژە لە بەندیخانە هاتۆتە دەرەوە، لەسەر دزی گیراوە.

تارماییەکی تر لە دوورەوە سەرنجی ڕادەکێشایت و دیسانەوە هەڵدەستایتە سەر پێ و هاوارت دەکرد:

- بڕوانە ئەوە ڕاستی یە، ئەوە خۆیەتی، ئێستا دەیبینیت و دەزانی چەند ڕاستگۆیە!
- نا گوڵەکەم نا، ئەوە نەوزادی دراوسێتانە.

ئەوەی کە لێی ترسابووم ڕوویدا و فەنتازیا کاری خۆی کرد. وردە، وردە لە قۆناغی چاوەڕوانی و بەرپەنجەرە گرتنیش بێزار بوویت و بەرەو ڕووی تارماییە دوورەکان تاوت دەدا و هەر کە نزیک دەکەوتیتەوە و دەتزانی ئەو ڕێبوارەی کە بەویدا تێدەپەڕێ ڕاستی نییە و کەسێکی ترە، سڵت دەکردەوە و غارت دەدا. دوای چەند جارێک سڵەمینەوە و غاردان، ئیدی منداڵانی گەڕەک خۆشحاڵ بوون بەوەی شێتێکیان دۆزیوەتەوە بۆ وەدواکەوتن و گەرمکردنی کۆڕی گەمە و یاریکردنیان. دوات دەکەوتن و تۆش بێ ئەوەی ئاوڕیان لێبدەیتەوە، یان هەست بە بوونیان بکەیت هەنگاوی گەورە گەورەت دەنا و، تا دەتکرد بە نەرمەغار و شارت بەجێدەهێشت. کە تۆ لە خڕکەبەردەکانی کەنار شار ئاودیووی بنار و دۆڵەکان دەبوویتەوە، ئیدی منداڵەکان دەگەڕانەوە و تۆیان لەگەڵ فەنتازیاکانتدا دەهێشتەوە. بە تەنیایی نوقمی ئەوینی ڕاستی دەبوویت و پێکەوە ئاوێزانی یەکتر دەبوون.

دواجار لە نەخۆشخانە بە دیارتەوە دەگریام، ژانی منداڵبوون شەلالی ئارەقەی کردبووی، خەڵکی هەر یەکە و شتێکیان دەگووت، هەر یەکە و گریمانی کەسێکی دەکرد کە باوکی منداڵەکەت بێت، ناوی هەموو دز و درۆزن و قاچاخچی و تەنانەت مەلا و دەروێشەکانی ئەو هەوارەش هاتنە نێو لیستی گومانلێکراوەکانەوە، چوونکە زۆر جار دۆعای چاکبوونەوەیان بۆ دەکردی و شانەکانت پڕ بوو بوو لە نوشتەی سێگۆشە. من بەدەم حەسرەتێکی تیژەوە لێم پرسیت:

- ئازیزم، بە من بڵێ، کێ باوکی ئەم منداڵەتە؟!

ماندوو بوویت و شەپۆلی ژان تا دەهات زیاتر هاژەی لە جەستەی رووبارئاسات هەڵدەستاند. تۆ منت نەدەناسییەوە، دەموویست بیرت بخەمەوە، بەڵام دەنگی من و شەپۆلی ژان و هاواری تۆ و دەنگی خوائاسای منداڵێک تێکەڵ بە یەکتر بوون و سەمفۆنیایەکی ژانیان پێکهێنا. توند باوەشم پێدا کردبوویت و بە دەنگی منداڵەکە هێمن بوویتەوە، ئەمجارەش لێم پرسیت:

- ئازیزم، کێ باوکی منداڵەکەتە؟!
- ڕاستی!

چاوەکانت داخست، من پڕ بە هۆڵەکە زریکاندم، هاوارێک وەک هی منداڵبوون زیندوو، وەک هی تریشقە پرشنگدار. پزیشکەکان خڕ بوونەوە، دوای ساتێ خامۆشی و فەرامۆشی، کۆرپەکەی تۆیان لە باوەشی من نا، بە حەپەساوییەوە تەماشای منداڵەکەم دەکرد، دەزانی هەر لەو کەسە ئەفسانەییە دەچوو کە خۆت دروستت کردبوو. ئەوەی کە کەوتیتە داوی ئەوینییەوە، ئەوەی کە شێتی کردی.

منداڵەکەم توند بە خۆمەوە نووساند و ماچم کرد، ئیدی گوێم لە دەنگی تۆ نەما، هەر بە حەپەساوییەوە پرسیم:

- ئەی دایکی؟!
- بە داخەوە!

کۆرپەیەکی ڕاستی بوو یان پاڵەوانێکی بچکۆلەی فەنتازیای ئەم جارەی چیرۆکەکەم؟ نازانم؟! لە ڕاستیش دەچوو، لە فەنتازیاش! ڕووباری فەنتازیای ژنەچیرۆکنووسی ناو چیرۆکەکەم، لەگەڵ ڕووباری فەنتازیای مندا یەکیان گرت و دەریای ئەم داستانەیان پێکهێنا. منیش تا توانیم هەر بە ڕاستی، بۆ ڕاستی و بۆ دایکی ڕاستی تێر گریام، بە ڕیز مرواری ئەسرین لە چاومەوە هەڵدەوەرین.

١٩٩٥-٢-٨

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بروا بوونمان بە ئازادی دەربرینەوە، بلاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣